# خلە دەرزی

سەلاح نیساری
(بۆکان)

مامۆستا هەژار لە پێشەکی مەلای جزیری دا دەفەرمووێت: «قەباڵەی هەر نەتەوەیەک (زمان)ەکەیەتی»؛ کەوابێ سەلا لە چاوی ئەو گەلەی گرینگی بە زمانەکەی نادات، لە چەشنی ڕەندە بە قازانجی نەیار، زمانی خۆی دەتاشێت و زمانی نەتەویستی دەخزێنێتە کولێنی ئەو پاشخانە دەوڵەمەندەوە؛ تەنانەت زمانی دایکی لەلا سووک و چرووکە و وەک زۆر خەڵکی ساویلکەی ئاوەز قەتیسی شارنشینی موکریان ئەو هەڵامەتەی کە لە وڵاتی هەڵۆ خان و خەسرەو خانی بەشی بابان و ئەردەڵان هەر لە سەردەمی پاشایەتی ئێرانەوە داکەوتبوو، لای خۆشمانی گرتووەتەوە و دایک و بابی نارەسەن زمانی زارۆی بەستەزمان لەبری دایە و بابە و پووری و مام و خاڵ و نەنک و ئامۆژن، بە (عەمە و خاڵە و ئاغا و مەمان و دایی) دەکەنەوە.

ئەو گەل و نەتەوەی کە وڵاتی خۆی هەیە و دەسەڵاتی نییە بە زمانی خۆی بخوێنێت و بنووسێ، تەنیا بەوە خۆی ڕاگرتووە ئەوەی لە کولتوور و فەرهەنگ و نەریتی خۆی بۆی ماوەتەوە سنگ بە سنگ هێناویەتی و لە مردن پاراستوویەتی، زمان کە ناسنامە و دایکی وێژە و قسەکردن و دوواندنی هەر میللەتێکە بە پاراستنی نەقڵ و نەزیلە و ئەفسانە و چیرۆکان، بە ئەدەبیاتی زارەکی و لە لایەکی دیکەشەوە بە کر و دەستکردی خۆیی توانیویانە کولتووری میللەتەکەیان بپارێزن. ئێمەی کورد، ئەگەر لە ئەو وڵاتە پانوبەرینەدا لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایک بێ بەری بووین، ئەوانەی قەڵەمی نووسینیان کۆڵ نەبووە هەر وەک ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی و...تاد هەشتێکیان لە مشتێک پێ بووە، ئەوە



**محەمەد حوسێنپوور، خلە دەرزی، سەلاح نیساری**

خامەیان ڕاداوە و بە زمانی خۆیان مەم و زین و لەیل و مەجنوون و شیرین و فەرهاد و یووسف و زولێخا و...تاد نووسیوە کە ئەوانەش نموونەیان کەمە؛ ماباقی بە زمانی غەیرە خۆیی نووسیویانە و بەهرە و نووسینیان بۆ فارس و تورک و عارەب بووە، سا ئەوانیش لەبەرو بووی ئەو شاعیر و نووسەرانە بەرامەی مسکی دەفتەر و خامەیان هەڵمژیوە و حەساونەتەوە، هەر ئەو بەیت و بەسەرهاتانە لە نێو گەلاندا سا چ ئەویندارى، چ وڵات پارێزی و قارەمانی و ڕاو و شکار و زۆری تریش، لە نێو فارس زماناندا لە سەردەمی (ئەولقاسمی فردەوسی)یەوە پێدا هاتوون کە شانامەی نووسیوە ؛ نیزامی گەنجەوی کە بە خودای هەڵبەستڤانی ناسراوە، هاتووە باسی لەیل و مەجنوونی عارەبی بە شیعر داڕشتووە و مەولانا جامی و ئەمیر خوسرەوی دێهلەوی و (وەحشی بافقی)ش ملوانکەی شیعریان کردووەتە ئەستۆیی ئەو دڵدار و دڵبەرە، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کەسانەی دەستی نووسینیان نەبووە، بەڵام هۆش و گۆشێکیان هەبووە و زمان پاراو بوون، کەڵکیان لە ئەدەبیاتی زارەکی وەرگرتووە هەر وەک: نەقڵ و نەزیلە و ئەفسانان وەرگرتووە، تەنانەت ئەو ڕووداو و سەربوهردانەی بە چاوی خۆیان دیتوویانە، یان بیستوویانە و هاتوون بە بەیت و حەیران لە شێوەی پەخشان و هەڵبەست، بەڵام هونەرمەندانە، هۆنیویانەتەوە و بە ڕاوێژی خۆشیان بە گوێی گوێدێریاندا داوە، ئەگەر (شەکسپیر) بە هونەری نووسین (هاملێت) بە دنیا دەناسێنێ؛ ئەوە هونەرمەندانی بەیتبێژ و حەیرانوێژی گەلی کوردیش زۆر سەربوهردە و تراژیدیا و چەمکی ئەویندارییان بە خەڵکی خۆیان ناساندووە، تەنانەت بەوەش نەوەستاون؛ بەیتی «عەبدولڕەحمان و لەیل و مەجنوون و فەتحی قەڵای خەیبەر و شیرین و فەرهاد» و هی دیکەش ئەگەر کوردیش نەبووبێتن، بە نەخوێندەواری خۆیان تەونی هونەریان بۆ هەڵبەستوون و ئیلمە و تان و پۆیی تاڵ و شیرینیان تێوەداون و بە گوڵوشەی جوان گوڵبزەیان خستووەتە سەر لێوی بیسەران و زاخاوی مێشکی گوێدێرانیان داداوە کە ئەوەش هونەری داڕێژەرەکە دەگەیەنێت، ئەوسا وەختێ مانای هونەر دەردەکەوێ کە هونەرمەند لە جەوهەری هونەرەکەیدا توابێتەوە.

لە نێو ترکاندا وێژەوانانی خامە ڕەنگین داستان و بەسەرهاتی (کوێرئۆغڵی)یان نووسیوەتەوە و هەتا توانیویانە لەمەڕ قارەمانی ئەو پاڵەوانەوە لە پەسن و تاریفاتی ڕاچوون؛ هەر وەک (سەمەد بێهڕەنگی) لە تەورێز و یاشار کەماڵی کوردی ترکی نووس لە ڕۆمانی (حەمەدۆک)دا وەختێ باسی قارەمانێتی حەمەدی دەکات، بە کوێرئۆغڵی دەشوبهێنێت، لە وڵاتی کوردەواری خۆشمان، لە کوێرەدێیەکی ناوچەی دارستانی شاری سەردەشت بە ناوی (قەڵەڕەشێ) کابرایەکی نەخوێندەواری گوندی کە تەواوی ژیانی لە بەهەشتی جوانی ئەو دەڤەرەدا ژیاوە و هەنگ ئاسا گەرد و شیلەی گوڵانی هەڵمژیوە و زمانی ڕەسەنی دایکی پاراستووە، بەدەیان بەیت و لاوک و حەیران و بەسەرهاتی ئەویندارى و زۆرداری و نامورادی و کۆست کەوتە و مەرگەساتی لە چەشنی سەیدەوان ئەزبەر کردووە و لە گوێن خاسەکەوی سەر ڕەوەزان تێی چریکاندووە؛ زایەڵەی دەنگی ئەم بەر و ئەوبەر لە چیا و بەندەن و بنار و پێدەشتان دەنگی داوەتەوە، مام خدر هەر بە گوتنی بەیتی سەیدەوان و ئازیزە و پایزە و سەحەرە و سوارۆ و قەڵای دمدم و ئایشێ گوڵ و خەج و سیامەند و کاکە میر و کاکە شێخ و قەر و گوڵەزەرد و... نەوەستاوە و پارێزی بردووەتە بەر قەیسی عامری و باسوخواسی ئەو دڵدارییەی لە نێو عارەبی دەشتەکیرا هێناوەتە نێو میللەتی کوردی چیا نشین و چیرۆکی لەیل و مەجنوونی بە بێسەوادی خۆی لە گوڵدانی قوتابخانەی هونەری کوردیدا جێ کردووەتەوە، گەلی کورد کە هەر بە ئەویندارى خولقاون و بە شەکری

خاوی سۆز و موحیبەت و دلۆڤانییەوە فرچکیان گرتووە؛ بە جوانترین شێوە ئەو بەیتەی دارشتووە و لە چەشنی متوموور و خرخاڵی زەند و بەرۆکی شۆڕەژن و کیژانی ناسک و نازدار هۆنیوەتەوە و بە جوانترین ڕاوێژ کە تێکەڵە لە مەقام و لاوک و حەیران و لالانەوە و لۆرانەوە، بەهار بە مەزرای زستانی دڵ وەردەکات و غەوری خەفەت ڕادەماڵێ و وەک شنەی دارئاوسان خونچە هەڵدەپێچێت و وەک سروەی بەهاری چرۆی دڵداری دەترووکێنێت، ئەوە لایەنی خۆشەویستی، بەڵام وەختێ دەچێتە سەر بەشی دڵشکاندن و دڵتەزێنی، ئەوەندە لە کاری خۆیدا وەستایە هەر دەڵێی فەیلەسووفانی وەک ئەفلاتوون و سوقرات و ئەرەستۆ دەرسیان داداوە؛ هونەرمەندانە باس لە پەڵپ و بیانووی باوکی لەیلێ دەکات کە مامی مەجنوونە و لە چاو باوکی دەست ڕۆیشتووە و دارایە و گەورەیی خۆی لە دەوڵەمەندیدا دەبینێتەوە، بە دڵنیاییەوە مرۆڤی ئاوا دەوڵەمەندیش ئەگەر گەورە نەبێت هەر بە پاکی دەمێنێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئینسان وەختێ بە ئارەزووی دەگات کە گرینگی بە ئاواتی ئەم و ئەو بدات.

خوازبێنی کردنی لەیلێ لە لایەن کابرایەکی عارەبی دەوڵەمەندەوە بە ناوی (نەوسوڵ پاشا) بۆ مەجنوون، وەختێ نەوسوڵ پاشا لە دەشت و بیابانێ تووشی مەنجوونی ویرانە ماڵ دەبێ چ ببینێ؟ کابرایەکی ڕەشی ڕووتی زەبەلاح! لە بنیادەم نەبێ لە هەموو جن و جانەوەرێک دەچێ؛ بەدەستووری پاشا دەیبەنەوە ماڵێ حەمان نەمیشی پێدەکەن و جلکی جوان و خاوێنی دەبەر دەکەن و دەیبەن بۆ ماڵی بابی لەیلێ و چۆک دادەدەن و داوای دڵبەرەکەی بۆ دەکەن، ئەوسا باوکی لەیلێ کە دەزانێ کابرایەکی ئاوا دەوڵەمەند خۆی خستووەتە ماڵێی و داوای لەیلێ دەکات بۆ مەجنوونی برازای، چاری نامێنێ و ئاوا پەڵپی لێ دەگرێ و بە هێنانەوەی برو بیانوو پێشکەشی دەکات و دەڵێ:

**خوازبێنی لەیلێ بۆ مەجنوون، بە دەنگی خلە دەرزی:**

**«با ماڵی ببڕین جگە لە پێشکەشی!**
**سەت مێرووم دەوێ مێرووی هیندوستان/**
**ئاموری لە گەرمێن بێ/ جا جووتیار لە کوێستان**
**تا لەیل و مەجنوونی پێی بکەن باغ و بێستان**
**با زامن ڕاوەستێ/ جا میرزا بینووسێ/**
**ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ**
**سەت کەوم دەوێ قاقا بخوێنی/**
**لە ئاوری سووردا با جووجکان هەڵبێنی**
**زامن ڕاوەستێ/ جا میرزا با بینووسێ/**
**خۆ ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ**
**سەت کوڕم دەوێ ئەو کوڕی چاردەساڵ/**
**سەت کیژم دەوێ ئەو کیژی چاردە ساڵ**
**هەر لە بەهارڕا تا پاییز پێکەوە بکەن گاڵتە و گەنگاڵ**
**جا زامن ڕاوەستێ/ هیچ نەبن ئەو زەرەردار/با میرزا بینووسێ**
**ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ**
**جا ماڵی ببڕین جگ لە پێشکەشی!**
**سەت مێشوولەم دەوێ ئەو مێشوولەی نێزدار**
**زینی لەپشت بکوتن/ لغاویش لە زار**
**هەر لەیل و مەجنوونی پێ بکەن سەوار**
**جا زامن ڕاوەستێ/ هیچ نەبن ئەو زەرەردار/با میرزا بینووسێ**
**خۆ ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ**
**سەت کێچم دەوێ/ با لە دەست نەوەستێ**
**کیژ بۆ سەر بەحرێ/ با دەسرە هەڵبەستێ**
**جا زامن ڕاوەستێ/ با میرزا بینووسێ**
**خۆ ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ**
**سەت یەسترم دەوێ ئەو سێ ساڵی ملکوڕ/**
**جوانووی با لە دووبێ ئەو بەزوورە زووڕ**
**زامن ڕاوەستێ/جا میرزا بینووسێ/**
**خۆ ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ/**
**جاماڵی ببڕین جگ لە پێشکەشێ**
**سەت فەرشم دەوێ ئەو لە تووکی کیسەڵ**
**مقەستی لە لبادی/ ئەو وەستا کوێر و کەڕ**
**جازامن ڕاوەستێ/ با میرزا بینووسێ**
**خۆ ئەمن دەیدەمێ بە مەجنوون خودا نەینووسێ».**

سەرچاوە:

ئەو شیعرانە بەبێ دەستکاری کردن نووسراونەتەوە کە بە دەنگی خلەدەرزی وتراون.